# دەسەڵاتی سەرۆکی هەریم لە دەستورەکەیدا...!

(کورتە سەرنجیک لەسەر پرۆژەی دەستوری هەریمی کوردستان)*

(موزەفەر عەبدوڵا)
Mozafar_as@yahoo.com

هەرکەسیک بە سەرپیی پرۆژەی دەستوری هەریمی کوردستان بخوینیتەوە ئەوەندە ناکۆکی دەبینی لەم پرۆژەیە لەگەڵ پیوەرە ئینسانیەکان ناچار دەبیت یەکسەر و بی سێ دوو ئەم پرۆژەیە رەتکاتەوە.تەنانەت لە زۆر شوینیدا کە ئەم پرۆژەیە بەراورد بکەین لەگەڵ دەستوری عیراق ،سەرەرای کۆنەپەرستی و دژی ئینسانی ئەو دەستورەش، هیشتا دەستورەکەی عیراق کراوەترە.

لیرەدا هەول دەدەم بە کورتی خالێک لەو خالانە بنوسم  کە جیگەی رەخنەو رەتکردنەوەی من و هەر کەسیکی ئازادیخوازەلەم پرۆژەیە کە ئەویش ،جیگەو ریگە، یان بلێین دەسەلاتەکانی، سەرۆکی هەریمە ، کە بە حوکمی ئەو دەستورە سەرۆکی هەریم دەبیتە دەسەلاتداریکی دکتاتۆری رەها.

پرۆژەکە وا پروپاگەندە دەکات کە هیچ دەسەلاتیک لەسەرو دەسەلاتی یاساوە نی یە، کە دەسەلاتی یاساش لە پەرلەماندا کۆ دەبیتەوە کە هەلبژیردراوی خەلکن.بەلام زۆر بە ئاشکرا دەبینین کە دەسەلاتی سەرۆکی هەریم لەسەرو ئەو دەسەلاتەوەیە.تەنانەت کاتێ بەراوردی دەسەلاتی سەرۆکی هەریم بکەین لەگەڵ سەرۆک کۆماری عیراق ،کە تالەبانی یە،ئەوە دەسەلاتی تالەبانی خۆی نادا لە قولە پیی دەسەلاتی بارزانی.هەربۆیە تالەبانی پیش هەلبژرادنەوەی بۆ سەرۆک کۆماری ووتی: ئەگەر هەر بەم دەسەلاتەی ئیستاوە بمکەنەوە بە سەرۆک کۆمار ئەوە نایکەم، ئەگەر سەرۆک کۆماری بۆ من هەر کاریکی تەشریفاتی بیت.

لە دەستوری عیراقدا سەرۆک کۆماری بۆ تالەبانی ئەوەندە بی خیرە تەنانەت ئەوەشی پێ بە رەوا نەبیراوە کە قامەتی خۆی راست کاتەوە وەک تاکیکی سەرۆک کۆمار ،بەلکو ئەنجومەنیکیان بۆ داناوە کە سەلاحیەتەکانی سەرۆک کۆماری قوت داوە.هەلبەت هەم ئەو ئەنجومەنەو  هەم سەرۆکەکەی، کە بە حیساب سەرۆک کۆمارە، بە پیی پیوەریکی  دینی ، تایەفی و قومی  داریژراوە.

بەلام لە پرۆژەکەی دەستوری هەریم ئەو ئەنجومەنە بۆ سەرۆکایەتی هەریم نی یەو سەرۆکی هەریم تەنها جیگریکی هەیە – کە بی گومان ئەمیش دینی و قومی یە – کە ئەمرۆ کۆسرەت رەسولەو یەکیتی یە ،ئەویش لەو پۆستەدا وەک تالەبانی هەڤالی هیچ کارەیە.ئەم هیچ کارەیی یەی ئەم جیگرە بە ئاشکرا لە یاسایی سەرۆکایەتی هەریم و پرۆژەی دەستوردا دیارەو لە هەمان کاتدا بە یەکیش ناکۆکن.چونکە لە شوینیکدا لە پرۆژەکەدا دەلێت : دووەم: سەرۆکی هەرێم جێگرێکی دەبێت لە ئەرکەکانیدا هاریکاری دەکات و لە کاتی ئامادەنەبوونیدا جێگەی دەگرێتەوەو جێگری فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەشە.

ماددەی: 100

لە شوینیکیدا تردا لە یاسای سەرۆکایەتی هەریم دەلێت :

مادەی چواردەیەم : لە حاڵەتی غیابی سەرۆکی هەرێمدا لەبەر هەر هۆیەك بێت، سەرۆکی دەسەڵاتی تەنفیزی جێگای دەگرێتەوە.

ئەم دوو رستەیە تەنها لە دارشتندا جیاوازن لە ناوەرۆکی عەمەلی یەوە وەک یەکن .ئا ئەمەیە بانیکەو دوو هەوا.من لەو باوەرەدام ئەم هیچ کارەیی یەی جیگری سەرۆکی هەریم خۆشی بە تەواوی درکی پێ دەکات،جا ئەوەی ناچارن خۆیان بی دەنگ بکەن گرفتەکە ئەوەیە باریان لە بەرانبەر پارتی لە لیژی یە بۆیە.

دیارە ئەم رەخنەیە تەنها رەخنەی دروستی من نی یە کە ئەم دەستورە بە شیوەیەکی گشتی رەت دەکەمەوە،بەلکو ئەوانەی کە بە شیوەیەکی گشتی لەگەڵ پرۆژەکەشدان رەخنەیان لەوە هەیە کە دەسەلاتەکانی سەرۆکی هەریم لەسەرو دەسەلاتەکانی ترەوەیەو ئەمەش بە ئاشکرا سەرۆکی هەریم دەکات بە دکتاتۆریکی موتلەق.

بۆیە هەرکەسیک ئەگەر سەرنج بدات لەم پرۆژەیە ئەگەر بە واقعیش ئاشنا نەبیت بە کوردستان، ئەوەی بۆ دەردەکەوی کە ئەم دەستورە لە لایەن دەستەیەکی بی لایەن و لە روانگەی ماف و پیوەرە ئیسنانی یە هاوچەرخەکانەوە نەنوسراوە، بەلکو ئاکامی ململانیی نیوان هەردوو حزبی قومی ،پارتی و یەکیتی یە، کە لەویش دیارە پارتی تیایدا بالادەستە.هەرووەک چۆن هەرکەس ئەگەر بە واقعی ئاشنا نەبیت بە عیراق و رۆژانە دەستو پەنجە نەرم نەکات لەگەڵ کیشەو گرفتەکان و ناکۆکیەکانی ئەو دەولەتە، هەر بە

**خويندنەوەيەكى سەرپيى دەستورى عيراق، بۆى دەردەكەوى كە ئەو دەستورە چەندە لەسەر بنەمايەكى دينى ، تايەفى و قومى داريژراوە.**

**بەلاّم ئەوەى كە ليرەو لەوى لەهەريەک لەو دەستورانەى عيراق و كوردستاندا هاتوە: كە هەموو هاوولاّتيان بە بى جياوازى يەكسانن لەبەرانبەر ياسا ئەوە تەنها ئەو رستەيەيە كە لەسەر ئەو كاغەزە.**

**هەر بۆيە ئەم پرۆژەيە بەم شيوەيەى ئيستاى پرە لە ناكۆكى و دژ بە خواست و مافەكانى خەلّكى كوردستانە و ئەگەر بكريتە دەنگ دانەوە نابيت دەنگى بە بەلىّ بۆ بدريت بەلّكو پيويستە بە( نا )يەكى گەورە رەتى بكەينەوە.**

**كۆتايى نۆڤەمبەرى 2006**

---

*تيبينى:

لە نوسينيكى تردا كە لە مالّپەرى دەنگەكان
http://www.dengekan.com/doc/2006/11/muzafarAbdulla02.pdf

و بۆپيشەوە
http://www.bopeshawa.com/pdf2006/01-dasturboqawmaynakan.pdf
بلاّو بۆتەوە بە شيوەيەكى گشتى چەند سەرنجى رەخنەيى خۆم لەسەر پرۆژەى دەستورى هەريمى كوردستان نووسى بوو.